حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا
پەیمانگای تەکنیکی هەڵەبجە
بەشی ژمێریاری
قۆناغی دووەم

پەیمانگای تەکنیکی هەڵەبجە
Halabja Technical Institute

ڕاپۆرتێک دەربارەی:

# باج - سوود و زیانەکانی


ئامادەکردنی :

١- هاوبەش فریق ٢- ژیر حەمەجەزا

٣- جیهاد سیف الله ٤- شیلان ڕەحیم

٥- شنیار نەجمەدین

بەسەرپەرشتی : م.ڕۆشنا عبدالله


ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ )

# پێرست


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | باج چییە؟ | ٣ |
| ٢ | جۆرەکانی باج | ٤ |
| ٣ | گرنگی باج | ٥-٧ |
| ٤ | لایەنە نەرێنییەکانی باج (زیانەکانی باج) | ٨ |
| ٥ | مێژووی باج | ٩ |
| ٦ | سەرچاوەکان | ١٠ |

# باج چییە؟



باج بڕێک پارەیە کە دەوڵەت لە خەڵک و ڕێکخراوەکان وەری دەگرێ بە مەبەستی مایەدان و گرنگی دان بە خەرجییەکانی دەوڵەت، مەبەست لەمەش ئەو بەشانەیە کە دەوڵەت پارەیان تێدا خەرج دەکەن وەک هێزی چەکداری و پۆلیس و لایەنی پەروەردە و فێرکردن بە پێی سیاسەتی ئابووری، هەروەها وەک پاڵپشتیەکە بۆ چەند بەشێکی دیاریکراو یان بەکارهێنانی لە دروستکردن و بنیاتنان لە ژێرزەوی (وەک بۆرییە نەوتییەکان) یان ڕێگاکان یان سەدەکان یان چارەسەرکردنی بێ ئیشی.

لەسیستەمە دیموکراسییەکان بڕی باج دیاری دەکرێت بە یاسایەک کە هەموو لایەک لەسەری ڕێک دەکەون و بڕێک دادەنێن کە لە بەرژەوەندی هاوڵاتییان دابێت و وا نەبێ کە ببێتە هۆی ئەوەی سەختی و ناخۆشی لە ژیانیان دروست بکات.

لە کاتانی پێشتر یاخود لە کۆندا باج بە پارە و شتوومەک دەدرا بۆ نمونە جوتیار هەندێک لە ئەو بەرهەمانەی کە هەیبوو وەک و باج بە حکومەتی دەدا ، بەڵام ئێستا هەمووی بووە بە پارە، و باج چەند جۆرێکی هەیە کە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێ وە لەوانەیە هەمان جۆر باج لە دوو دەوڵەت کە بۆ هەمان شت وەردەگیرێن ناویان جیاوازبێت. لەوانەش : باج لەسەر سامان ، باج لەسەر دابینکردنی پێداویستییەکان. .....هتد.

# جۆرەکانی باج

**١-باجی ڕاستەوخۆ** : ئەو جۆرەیە کە ڕاستەوخۆ لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت و لەوانەیە لەکاتی نەبوونی پارە شتێکی تر ببات کە ئەمانە دەگرێتەوە قازانجی بازرگانی و بەرهەمی کۆمپانیاکان و ئەرز و ئەو شتومەکانی کە کەسەکە خاوەنییەتی.

- ئەم جۆرە باجە وەردەگیرێت لە کەسانی ئاسایی کەسانی خێزاندار و کۆمپانیاکان و لە وانەیە چاوپۆشی لە بڕی باجەکە بکرێ بە هۆی بیانوویەک کە ئەمەش پێچەوانەی جۆری دووەمە.
- یەکێکی تر لە سیفەتەکانی ئەم جۆرە باجە ئەوەیە کە تا ڕادەیەک دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرپادەکات بە جۆرێک کە ئەو کەسانەی کە لە چینێکی هەژارن کەمتر و ئەوانەی کە لە چینی دەوڵەمەندن زیاتر باج دەدەن.

**٢- باجی ناڕاستەوخۆ** : باجی ناڕاستەوخۆ ئەو جۆرە باجەیە کە دەوڵەت فەرزی دەکاتە سەر هاوڵاتییان بەبێ جیاوازی و بەبێ خۆ دزینەوە و هیچ بیانوویەک دەبێ هەموو هاوڵاتیان باجەکە بدەن.

ئەم جۆرە باجە زیاتر بۆ مەرامی کۆکردنەوەی پارەیە، چونکە هیچ ڕێگەیەک نییە تیایدا کە هاوڵاتی باجەکەی تێدا نەدات و دادوەری لە نێوا چین و کەسی تەنها و خێزاندار و کەسانی دەوڵەمەند و هەژار نییە، بەڵکو گرنگی بەوە نادرێ کە ئایا کەسەکە توانای دابینکردنی ئەو باجەی هەیە یاخود نا و گرنگی نادرێ بەوەی ئەگەر ئەم باجە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئەو کەسە هەبێت یان نا، بەڵکو تەنها شتی گرنگ بە گوێرەی ئەم جۆرە باجە پارەیە.

ئەم جۆرە باجە لە کاتێکدا بەکاردێت کاتێک لایانی ئابووری دەوڵەت دادەبەزێت و کەم دەبێتەوە تا وای لێدێت کە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر دەوڵەتەکە دروست دەکات و ئەمەش دەوڵەت تاقە چارەی دەبێتە بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە.

# گرنگی باج

**باج گرنگی هەیە لە بەڕێوبردنی دەوڵەتدا وە لێرەدا هەوڵدەدەین کە گرنگترینیان باس بکەین :**

**گرنگی ماددی : لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە گرنگە بۆ هەڵگرتنی گشتی و بەکاردێ بۆ پۆشینی خەرجییە گشتییەکان و سیاسەتی ئابووری وڵاتان زیاد لەحەد گرنگیان داوە بە باج و وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ خەزن کردنی پارە بۆ کاتی پێویست و بەچاوپۆشی کردن لە کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە خراپانەی کە لەوانەیە دەربکەون، بۆ نمونە باجی ناڕاستەوخۆ گرنگە لە هەڵگرتنی پارە و وڵاتان ڕووی تێدەکەن و فەرزی دەکەن لەسەر تاکەکان بە پێی دەستکەوتەکانی وڵات، بەڵام ئەمە دادوەری تیا نییە چونکە ئەمە بەیەکچاو سەیری هەموو لایەک دەکات بەبێ لەچاوگرتنی حاڵی کەسی و خێزان و حاڵی مادیان چۆنە و لەوانەیە پارەکە زۆر بێت بۆ هەندێک کەس و بۆ هەندێکی تر زۆر بێت و توانایان نەبێ بیدەن، هەرچەنە باجی ڕاستەوخۆ دادوەرانەترە، بەڵام دەوڵەت ناتوانێ ئەم ڕێگە دابنێ بەڵکو بڕێکی زۆر باجی ناڕاستەوخۆ فەرز بکات بە ئامانجی دابینکردنی دەستکەوتێکی زیاتر کە بتوانێ خەرجییەکانی دەوڵەت دابین بکات، واتا لێرەدا زیاتر گرنگی بە دابینکردنی پارە دەکەن بۆ بەڕێوبردنی کارەکانی تر.**

**گرنگییە ئابوورییەکان: باج کاریگەرییەکی وا دروست دەکات کە دەوڵەت پێویستییەتی بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی ئابووری و ئەنجامدان و گەیشتن بە ڕێژەی گەورەی پەرەسەندن و پێشکەوتن، بۆ ئەم گرنگیەش شێوە و کاتی خۆی هەیە کە ئەمانەن :**

- **لەکاتی کەمی ئابووری : لەم کاتەدا بڕی پارەی دیاریکراو بۆ باج کەم دەبێت و ناگونجێت بۆ دابینکردن و خەرجکردنی لە دەوڵەت یاخود کەمە و ناتوانێ هەموو پێداویستییەکان دابین بکات و کاریگەری دەبێت لە هاوردەکردنی پێداویستی یاخود بازرگانی و کڕین و فرۆشتن ...هتد، و لەم حاڵەتەدا پێویستە لەسەر دەوڵەت بڕی باجی تازە دابنێت و فەرزی بکات بەسەر هاوڵاتییاندا کە وا بکات هاوسەنگی بگەڕێتەوە بۆ نێو دەوڵەت و کەمی ئابووری نەهێڵێت و بەرزی بکاتەوە.**
- **لەکاتی ئاسایی: لەم بەشەدا بڕی پارە زیاد دەکات و ترسی ئەوە هەیە کە بڕی ئەو مادانەی هاوردە کراوە یاخود ڕیکلام یاخود لە بازاڕدا دانراوە زۆر بێت و ببێتە هۆی ئەوەی کە تەنگییەک و قەرەباڵەغییەک دروست ببێت، ئەوا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی شت و مەکەکان و دەبێتە هۆی ئەوەی کە پارە توانای خۆی لەدەست بدات لەنێو خەڵکدا واتا خەڵکی تووشی ئەوە دەبن کە نازانن چی بکڕن، چونکە پارەکانیان بەشی ئەوە ناکات کە ژیانیان پێی بەڕێوە ببەن، لێرەدا سەرەی باج دێت و کە دەتوانێت بڕێکی زۆر لە پارە**

کۆبکاتەوە و دەبێ باجی زیاتر فەرز بکرێت لەسەر فرۆشیارەکان و بازرگانەکان یاخود بۆ هەمووڵایەک بە بڕێکی کەم بە ئامانجی گەڕانەوەی هاوسەنگی ئابووری بۆ ناو دەوڵەت.

- **پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان** : دەوڵەت باج بەکاردەهێنێت بەتایبەتی باجەکانی کە لەسەر ئەوکەسانەیە کە سنوورەکان تێدەپەڕێن، بە ئامانجی پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان و بەتایبەتی ئەوانەی کە گرنگن، چونکە فەرز کردنی ئەم جۆرە باجە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ و دواتر پێشبرکێ و موناقەسە دەکەوێتە نێوان کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان و وادەکات بڕی فرۆشتن زیاتر بێت و بەمەش کار لە بەرزکردنەوە و بەرەوپێشبردنی ئابووری دەکات.

- **چاوپۆشی کردن لە باج** : ئەمەش بۆ هەندێک پرۆژەی ئابوورییە کە لە باج چاوپۆشی ئەکەن چ بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتی بۆ بەهێزترکردنی بەرهەم و دروستکردنە ناوخۆییەکان و هاندان بۆ پرۆژەی ئابووری زیاتر کە پێداویستی هاوڵاتیان دابین بکات لە ناوخۆ نەک هاوردەکردن لە دەرەوەی وڵات.

**گرنگییە کۆمەڵایەتییەکان**: ئامانجی باج دابینکردنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتییە و دووبارە دابەشکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵگایە، گرنگترین خاڵەکانی ئەمانەن:

- **دووبارە دابەشکردنەوەی باج**: باج بەکاردەهێنرێت بۆ دەوڵەت واتا ئەوپارەی کە هاوڵاتیان داویانە هەر بۆخۆیان بەکاردەهێنرێتەوە بەبێ جیاوازی بەڵکو ئەمە بەکاردێ بە تایبەتی بۆ پرۆژەکان، ئەمەش بەکاردێ بۆ دروستکردنی چەند چینێکی جیاواز لە کۆمەڵگا، زانا کۆمەڵاتیەکان سێ چینی مرۆڤیان جیا کردووەتەوە کە ئەوانیش چینی هەژار، چینی ناوەندی و چینی دەوڵەمەند. لە کۆمەڵگادا زیاتر چینی دەوڵەمەند کۆنترۆڵی زیاترە بەسەر بەرهەمهێنان و ئەمەش هۆکاری دەوڵەمەندییەکەیەتی و لەکاتێیکدا چینی هەژار بە ئیشکردن بەرامبەر بە بڕێک پارە دەیەوێ پارەی باجەکە دابین بکات ناتوانێت ژیانی خۆی پێ بەڕێ بکات و شتومەکە سەرەکییەکانی ژیان دابین بکات، ئەمە دەبێتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و کاری لە هەموو کۆمەڵگای ئەو دەوڵەتە دەبێت، بۆیە دەبێت دەوڵەت لەم نێوانەدا بێتە سەرهێڵ و دووبارە بڕی باجەکان دابەش بکاتەوە و زیاتر لە چینی دەوڵەمەند وەبگرێ وەک لە چینی هەژار یاخود هەر لێیان وەرنەگرێت و دەبێت ئەو بڕە کوکراوە لەسەر ئەم چینە هەژارە خەرج بکرێت بۆ دابینکردنی شتوومەکە سەرەکییەکانی ژیان بە یارمەتی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن ونیشتەجێبوون، ئەمەش دەبێتە هۆی گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆناو کۆمەڵگا.

- **بەجێهێنانی دادوەری کۆمەڵایەتی**: سیستەمی باج هەوڵ دەدات باج فەرز بکات لەسەر هەموو هاوڵاتیان، بەڵام چەند مەرجێکی هەیە کە جێبەجێ دەکرێ بۆ دابینکردنی دادوەری کە ئەمانەن:

- **لەبەرچاوگرتنی لایەنی مادی کەسەکان یان خێزانەکان**: هەندێک جار بە ئەنقەست چاوپۆشی دەکرێ لە بڕێکی دیاریکراو لە خەڵک و باج وەرناگیرێت لێیان بەهۆی ئەوەی کە لەوانەیە توانای ئەوەیان نەبێ باجەکە دابین بکەن یاخود بڕی ئەو باجە بۆ ئەو کەسە زۆرە و ناتوانێ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خۆیان دابین بکەن ، بۆ نمونە لە لوبنان بڕی باج دادەبەزێ ئەگەر کەسەکە خێزاندار بێت و جیاوازە لە کەسێ کە تەنها بێت یاخود خێزانی پێکنەهێنابێ ئەگەر تەنها بوو ٧ ملیۆن ساڵانە دەدات و ئەگەر هاوسەرگیری کرد و خێزانی پێک هێنا ئەوکاتە دادەبەزێ بۆ ٢.٥ ملیۆن بە مەرجی ئەوەی کە هاوسەرەکەی کار نەکات و هەر منداڵێک لەوێدا نیو ملیۆنی بۆ دەژمێردرێت و دەتوانن ئەوپەڕی ٥ منداڵیان هەبێ.

- **چاوپۆشی کردن لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان**: باج لەو کەسانە وەرناگیرێت کە شتومەکی سەرەکییان پێ دەدرێ یاخود شتومەکە سەرەکییەکانی ژیان دەفرۆشن، لە لوبنان چاوپۆشی لە باجی سەوزەوات و میوەجات دەکرێ هەروەها لە شەکر و گۆشت و برنج، هەروەها چالاکییە فێرکارییەکان واتا مامۆستاکان لە باجەکان بە دوورن و ئەمەش بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی کۆمەڵگا و چەسپاندنی دادپەروەری.

- **پشت بەستن بە باجە ڕاستەوخۆکان**: گومانی تێدا نییە کە باجە ڕاستەوخۆکان حاڵی هاوڵاتیان لەبەرچاو دەگرن، کە ئەمەش باج بەسەر ئەو کەسانە زیاد دەکات کە تەنهان و کەمی دەکاتەوە لەسەر خێزاندارەکان کە چاوپۆشی لە باری خێزانییان دەکەن و هەوڵ دەدەن بە کەم کردنەوەی باج بۆ ئەوەی کە نەبنە هۆی کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزانەکان، بۆیە زیاتر لە دەوڵەتەکاندا باجی ڕاستەوخۆ زیاتر بەلای دادوەریدا دەڕوا وەک لە باجی ناڕاستەوخۆ.

- **کەمی بەکارهێنانی باجی ناڕاستەخۆ**: هەوڵ دەدرێ کە زۆر کەم باجی ناڕاستەوخۆ بەکاربهێنن، چونکە ئەم جۆرە باجە بڕێک پارە دیاری دەکات کە بەسەر هەموو کەسەکان وەک یەک دەبێت بەبێ ڕەچاوکردنی چین و توانای کەسەکە بۆ دابینکردنی ئەو بڕە پارە یاخود توانای بەڕێوبردنی خێزانەکەی هەبێت یان نا ئەم جۆرە باجە زیاتر بۆ کۆکردنەوەی پارەیە و گرنگی بە دادوەری نادات بۆیە هەوڵ دەدرێت تا دەتوانن لەم جۆرە باجە دووربن و فەرزی نەکەن بەسەر هاوڵاتیان.

## لایەنە نەرێنییەکانی باج (زیانەکانی باج)

- باج هەرچەندە سوود و گرنگی هەیە لە کۆمەڵگا، بەڵام بە هەمان شێوە زیان و لایەنی نەرێنی هەیە بەڵام سوودەکانی زیاترن وەک لە زیان، چونکە کاتێک کە کەسێک باج دەدات بە چەند ئەوەندە بۆی دەگەڕێتەوە، عەقارات یەکێکە لە ئاسانترین شت کە پەیوەندی بە باجەوە هەیە، هۆی زیادبوونی نرخی عەقاراتەکان دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی داواکاری و کەمبوونەوەی عەقارەکان. بە مانایەکی تر واتا ئەو کەسانەی کە حەزدەکەن عەقارەکان بکڕن زیاترن لەوانەی دەیانەوێ بیفرۆشن، لەم کاتەدا نرخی بەرز دەبێتەوە بۆ ئەوەی داواکارییەکان کەم ببێتەوە و برەکان یەکسان بنەوە، دەبینین کە گۆڕانکاری لێرەدا ڕوویدا تەنها ئەوکاتەی کە نرخەکانمان بەرزکردەوە و داواکاری کەمی کرد بەڵام لێرەدا کەسەکە پەشیمان نەبووەتەوە لە فرۆشتن و ڕای خۆی نەگۆڕیوە کەواتە گۆڕانکاری لە کاڵاکە یاخود عەقارەکە ڕووینەداوە و جێگیرە، تەنها ئەوەبوو کە ئەوکەسانەی کە توانای ژیانیان هەیە و دەتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن ئەگەر لەوێشدا بژین داوا عەقارەکەیان کرد و ئەوانەی توانایان نەبوو چاوەڕێی ئۆفەرێکن کە بگونجێ لەگەڵ حاڵی ئەواندا، لێرەدا زیان تەنها بەر ئەو کەسانە دەکەوێ کە دەبێ چاوەڕێ بکەن بەڵام ئەوانی تر زۆر ئاسایین و هیچ کێشەیەکیان نییە.

- زیانەکانی باج زیاتر لە باجی ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێ کە تێیدا ئەو کەسانەی کە توانای دابینکردنی باجەکەیان نییە یاخود هەیە بەڵام ناتوانن ژیانی خۆیان بە ئاسایی بەڕێوە ببەن و پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خواردن و شوێنێکی تەندروست و پێداویستی ماڵ و بەخێوکردنی خێزان ... هتد، دابین بکەن ئەوا ئەمانە تووشی حاڵەتێک دەبن کە لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازبوونی یاخود مردنی کەسانی ئەو خێزانە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیانێکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت بە کۆمەڵگا و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوی ئەو دەوڵەتە بە خراپی دەربچێت.

# مێژووی باج

گومانی تێدا نیە کە تەمەنی باج یەکسانە لەگەڵ تەمەنی پێک هاتنی حکومەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەو واتایە کە هەموو حکومەتەکان، لە هەر شوێنێکی جیهان و لە هەر قۆناغێکی مێژوودا لە خاڵێک دا هاوبەش بوون ئەویش وەرگرتنی باج و دابین کردنی خەرجیەکانی حکومەت لە لایەن خەڵکەوە و لەلایەکی دیکەوە کەمتر حکومەتێک پەیدا دەبێ کە خەڵکەکەی تەواو بە ویستی خۆی بەشدار بووبن لە دانی باج دا.

لە کۆندا وەرگرتنی باج لە خەڵک بنەمایەکی لۆژیکی نەبووە و تەنیا لەسەر بنەمای پێویستی و دادوەری و ویژدانی ئەو حکومەتەی لەسەر کار بووە دیاری دەکرا، لەکاتێکدا دادپەروەری وادەخوازێ کە لە دیاری کردنی بڕی باجدا دەبێ سەرنج بدرێتە دوو هۆکاری سەرەکی:

1. پێویستیە ماڵیەکانی حکومەت بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی بۆ نموونە بەرگری کردن لە ئاسایش خەڵکەکەی و خاکەکەی لە کۆندا و ئێستا پێکهێنانی ژێرخانی ئابووری و ئەنجامدانی خزمەتگوزاری ئاسوودەیی بۆ خەڵک و ...هتد پێوە زیاد بووە، هەروەها هێزی ئابووری چینە جیاوازەکانی خەڵکی وڵات و ڕادەی کەڵک وەرگرتنیان لە ئیمکاناتەکان بدرێت.

لە کۆندا لەگەڵا ئەوەدا کە چینەکانی ئاسوودە (مرفه)ی وڵات لەگەڵ ئەوەیدا کە سەرچاوەکانی ئابووری و پۆستە سەرەکیەکانی وڵاتیان لەدەست دا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە دانی باج معاف بوون و لەجیاتی وان چینەکانی ناوەند و قشری فرودست ناچار بوون باج بدەن. هەڵبەت هەندێک لەوانەش بە جۆرێک جاروبار باجیان دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕی ئەو باجانە بە شێوەیەک نەبووە کە کێشەیەکیان بۆ دروست کات، لە کاتێکدا کە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا لەهەر بارودۆخێکدابان ئەرکیان بووە کە باج بدەن و دانی ئەو باجە لە سالانێکدا کە بە هۆی وشکەساڵی و یان هۆکاری تر ئەگەری وەبەرهێنای بەرهەم نەبووە کێشەگەلێکی زۆری بۆ خاوەن کشتوکاڵەکان پێک هێناوە.

هەروەها لە کۆندا لە وەرگرتنی باج لە خەڵک زۆر (جبر) بەکاربراوە فەرمانبەرانی حکوومەت وەها توندوتیژیەکیان نواندووە کە ئەو کەسانەی کە باجیان داوە ناچار دەکران کە باخ و ڕەزەکانیان بە ڕەهن دانێن تاکو بتوانن مافەکانی دەوڵەت بدەن. دوای ئیسلامیش بە سەرنجدان بە تەمەنی کورتی حکومەتەکان و ئەوەیکە زوو زوو حکومەت پێکدەهاتن و بەهۆی شەڕی زۆرەوە تووشی رووخان و لەناوچوون دەچوون کە خەڵکی بەدبەخت ناچار دەکران هەرجارە باری قووسی ئەوشەڕانە هەڵگرن تەنانەت جاری وابووە دانیشتوانی هەندێک لە شارەکان ناچار دەبوون کە لە ساڵێکدا بە هۆی دەست بە دەست کرانی حکومەتەکان لە نێوان مدعیان چەندین جار باج بدەن و

**هەڵبەت ئەوەی کە ڕونە دانی ئەو باجانە تەنیا بۆ نەهێشتنی توورەیی (شر)ی دەسەڵاتداران بووە، ئەوەی کە جێگای ئاماژەیە ئەو زوڵم و زۆریەش لە وەرگرتنی باج و لە بەرچاو نەگرتنی بارودۆخی تاکەکانی حکومەت لە ڕوی مالیەوە زۆربەی جار بۆتە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتی لە لایەن خەڵەکەوە و شۆرش و سەرهەڵدانی بە دژی دەسەڵاتداران درووست کردوە.**

## سەرچاوەکان


1. **ئەیوب ئەنوەر سماقەیی , دارایی گشتی , چاپی حەوتەم , چاپخانی شەهاب , هەولێر** ,2014.
2. **نەژاد عبدالقادر شمقار ,فەرهەنگی ئابووری , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم , سلێماني** , 2002.
3. **فیصل دباغ , ئینسکۆپیدیای ئابووری , دەزگای موکریانی , هەولێر** , 2004.
4. **تاریخ مالیات**